www.kurdistannet.org
27-6-2006 18:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان هەر منداڵە و قەت گەورە نابی!! ... دانا ڕزگار

کوردستان هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی وڵاتانی ئەوروپا کەچی بەتەقلید لە هەندی شارەکانی کوردستان تۆزی گەیشتووە، بەڵام لە گەرمیان ئەو تەقلیدکردنەی کوێستان و هەولێریان پی عەیبە و ئەڵێن با ئێمە لە سەر ڕێی خۆمان بڕۆین و نازانینیش ڕێیان چی یە و بەرەو کوی ئەڕۆن.. یەک لەو ڕێیانە یان دروشمانە کە ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووەی ئەم ناوچەیە باسی لێوە دەکا پەیڕەویی ئاینی ئیسلامە بە شێوەیەکی نارێک کە هەندی نەریت کە لە بنەچەی ئەو ئاینە پیرۆزەدا نی یە کە چی لەلای خەڵکی بووە بە داب و نەریت و عەیبە.. بە بڕوای من ئەمە هەندێکیانە: وونی کردنی گەنج و ڕی پێنەدانی لە هەندی قسەی خێزانیدا لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ نموونە ئەگەر گەنجێک لـــەناو پیاو ماقوڵان و پیرەکاندا بەواتا مەجلیس بۆچوونی یان قسەی خۆی بکات دەربارەی بە شوودانی خووشک یان ژنهێنانی برایەکی ئەوا زۆر بە خێرایی پیی دەڵێن ڕۆڵە گیان تۆ هێشتا منداڵی و دەمت بۆنی شیری لی دی؛ بی دەنگ بە، وە هەر ئەو گەنجە بچێتە ناو منداڵی کۆڵانەکان بۆ یاری کردن دیسان پێیدەڵێن: کورە تۆ گەورەی خۆ منداڵ نیت، ئەم یاری کردنە چی یە؟.. ئەمە وونکردنی گەنجە، داب و نەریتێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگایە بە گشتی کوردستان ئەوەیە کە نابێت کچ و کوڕ پەیوەندی خۆشویستیان پێکەوە هەبێت و ڕێگا و بەربەستی زۆریش هەیە بۆ ئەو مەبەستە لەهەر سات و شوێنێک بێت، ئیتر چۆن گەنج بەرنامەی هەبێت بۆ داهاتووی ئەگەر لایەنی ئابووریشـــی ژیاندەوە، وە کێشەیەکی تریش هەیە کە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان کوڕ و کچ کە لە ئاهەنگەکانی سەر ساڵ و نەورۆزدا چەند جارێک بینیومانە کە دەبی کوڕەکان بەپێوە بوەستن و کچەکانیش لەسەر کورسی دابنیشن، ئەمەش کارێکی ناشرینە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر ڕێکخراوێک کە ئاهەنگ ڕێک دەخات کەم و کورتی نەبێت، چونکە ئاهەنگ کردن کۆپی کردنی کتێب و دابین کردنی پەرتوک نی یە!!، داب و نەریتێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگایە و ئینجا حکومەتیش پەیڕەویی دەکەن، هەم پشتگوی خستنی گەنجە و بەبی توانا زانینی گەنجە یان دەڵێن ئەم گەنج گەنجە چی یە!!! باسی دەکەن، ئەی بۆ زووتر نەهاتنـــە مەیدان بە ناوی گەنج، ئەویش لەبەر ئەوەی لاو یان گەنج دەبینی لاوی وڵاتانی تر پێشکەوتوون و مافیان زیاترە و دامەزرێنراون لە پیشەیاندا بەڵام لە کوردستاندا ئەمە پێچەوانەیە بۆیە لاو دەیەوی ئاستی بەرزترەوە بێت و بتوانێت بۆچوونی خۆی بە ئازادی دەرببڕێت وەکو چینێکی کاریگەر نەک وەکو لایەنی حزبی، گەنج ئاواتە خوازە هەڵمەتی بە پۆلیس کردن بوەستی، بەڵام هەندی بوونە بە پۆلیس لەپێناوی باشتر کردنی ژیانیان کە ئەوانیش ڕەنگە پەشیمان ببنەوە، وە کێشەیەکی دیکەی دوا کەوتنی کوردستان و گەورە نەبوونی ئەوەیە کە زۆربەی بەساڵاچووەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لــە قۆناغی کۆتایی خوێندنیان بەردەوام نەبوونە و وازیان هێناوە یان بوونەتە مامۆستایەکی ئاسایی کە خۆیان زۆر بە زۆر زان دەزانن کە بەپێی ئەو مەنهەجە کۆنەی کەساڵی هەشتاکان خوێندویانە خۆیان بەزیرەک دادەنێن و دەڵێن گەنجی ئەم سەردەمە هیچ پێداویستی و کێشەیەکی نی یە و ناتوانن بخوێنن یا بەردەوام نابن یا زیرەک نین، بەڵام نازانن کتێبەکانی سەردەمی خۆیان ئاسان بووە و هی ئێستاش گران، ئەم کێشەو گیرو گرفت و نەریتانەی من ئاماژەم پی کرد زۆر کەمە و چەندین کێشەی دیکە کە لە باسکردن نایەن و قوت بوونەتەوە و چارەسەر کردنیان مەحاڵە بۆ ئەوەی کوردستان گەورە بێت و کورتەباڵا دەرنەچێت.